ده جوابی بڵاوکردنەوەی ئەوسرووده ( ئەی ڕەقیب )ەی کە کوردستان پۆست بڵاوی کردۆتەوە کە تا ئێستا تەنانەت دوژمنانی میللەتی کوردیش ئەوتۆ سووکایەتێکیان بەو سروودە نەتەوایەیێیەی نەکردووە،

پاش ڕێز و سڵاو

لێگەڕێن با لە گاگۆلکە نەکەوێ و پێ بگرێ

من لە سەر وەیکە ڕێبەرانی میللەتی ئێمە کەم وکوڕیان هەیە ،لەسەر وەیکە میللەتی کورد شڕ وشمەك ومۆڵکی هیچ کام لە ڕێبەران نین و بۆ ئەوان بە میرات نەماونەتەوە کە تا ئەوان هەن وکورد هەیە هەر دەبێ لە سەری ئاغایەتی بکەن و لەسەر وەیکە میللەتی کورد مەڕنییە وئەوانیش شوانی بن ، دەمێك ساڵە ساغبوومەوە ،بەڵام دە هەل ومەرجی ئەوڕووی کوردستان وئەو هەلەی کە بۆ میللەتی ئێمە هەڵکەوتووە ،گەلی کورد بە هەر بیر وباوەڕ وبۆچوونێك بن دەبێ لە تانە و ڕەخنەی هەڵوەشێنەر و تێکدەر خۆبپارێزێ تا نەبێتە هۆی ناهۆمێدی و دڵساردی وورەبەردانی گەلی کورد و دەبێش هەڵوێستی ڕووناکبیرانی کورد دە خزمەت یەکبوون و هیوا سازکردن دەنێوڕیزی گەلەکەماندابێ نەك بە چەواشە کردن و دەست بۆ قولێنگ بردن لە حەیفی ئەم وئەوو بناخەدەرێنانی ئەوەی کورد بەو چەند ساڵەی پێکی هێناوە بێ، هێندێك شت هەن کە بڵاو بوونەوەیان( هەرچەند ڕاستیش بن) خاڵی کزدانە بە دەست ناحەزان ونەویستانی گەلەکەمان کە لە هیچ نەبوو شتمان بۆساز کەن وهەر بەو شتەش کە خۆمان داومانەتە دەستیان دەسەرخۆمانی بکوتن وەك تا ئێستێ کە کردوومانە ،یانی بە دەست وقلاپی خۆمان ماسیان بۆ بگرین ، ئێوەی بەڕێز و زانا لە کوردستان پۆست هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە هەر ئەو ( ئەی ڕەقیب ) ی کە دەقی شێعرەکانی گۆڕاوە و ئاوا ناحەز وناشیرین بکەوێتە سەر زاری منداڵان ویە جەفەنگ وگەپ ببتە نوقڵی نێوکۆڕ وکۆبوونەوان چ ئاکامێکی دەبێ؟ جا تازە ئێوە لە ڕێبەران نارازین بەڵام دەو شێعرەدا گەلی کورد کراوەتە جاسووس ،چی بە سەر چێوەیە؟ دین وئایینی گەلی کورد (نیشتیمانە) بەڵام دەو شێعرەدا ( دوژمنانە) لە خۆتان پرسیوە کە ئەرێ دین وئایینی میللەتی کورد( نیشتمانە) یان (دوژمنانە)؟ لاوی کورد حازر وئامادەیە گیان فیدایە ،گیانفیدا بەڵام دەو شێعرەی ئێوەدا لاوی کورد( گێژوحۆلە) جا بە بیر وباوەڕی ئێوە کامیان درووستن ؟ بۆ ڕاستەوخۆ نانووسن ؟ وادیارە ئێوەش تووشی

نەخۆشی ( **فاتحی شێخەلئیسلامی**) بوون پێتان وا نییە ناڕاستەوخۆ ئالیکاری ناحەزانی کوردتان کردووە بۆچەواشە کردنی کورد وماف و کەسایەتی کوردبە تایبەت کەسایەتێکی وەك نەمر دڵدار شاعیری بەرزی گەلەکەمان کە بە هەزاران هیوا ئەوشێعرەی بۆ سلماندنی بوونی میللەتی کوردلە هەرهەمووکوردستانی لەت وکوتکراو گوتووە وپاش دەیان ساڵ شانازی میللەتی کورد بەو سرووودە ،لەلایەن کوردێکی بە ناو (دلزار)کە هیچ هەستێکی بەرپرسانەی لە ڕاست ئاکامی ئەو چەواشە گەری یەنییە کە بە هەست و نست و لە خۆی بایی کورد بەو سرووده نەتەوایەتی یەی دەکا ، و ،ئاوابە سووك وهەند دەگیرێ و گەپی پێدەدرێ ، پێیتان وانییە کە ئەو( ئەی ڕەقیبەی) کە ئێوە بڵاوتان کردۆتەوە زارجوێکی باش وبەتام وپڕبە زار بێ بۆ زارۆکی تورکمانەکانی کوردستان کە کوردی دەزانن وبەدرێژایی مێژوو هەر بەکرێگیراوی کەمالیستەکان بوون وهەر خەریکی شڵتاغ وبوختان وئاژاوە گێڕی بوون کە ئێستاشی دەگەڵ بێ؟ ئێوە چ بە ڕێبەران دەڵێن، بڵێن،هەر شێعرێکی بۆیان دادەنێن ،بنێن وهەر نێوێکی لێدەنێن،بنێن خۆتان دەزانن بەڵام نابێ ئەو مافە بۆخۆتان دابنێن کە زەحمەت وبەرهەمی کەسێکی وەك دڵدار ئاواناشیرن وبێ تام دەزاران باوێن ،و لاوی کورد ئاوا بە سووك وگێژ وحۆل دابنێن و سووکایەتی بە سروودی نەتەوایەتی میللەتی کورد بکەن ، من پێموایە دەبێ بە کڕنۆشەوەداواله گەلی کوردبکەن کە لێتان خۆش بێ ، لەمەو بەولا پێموایە هەر کەس هەرچی بۆتان دەنێرن سرنجی ناوەرۆکەکەی بدەن پاشان بڵاوی بکەنەوە ،

بە سپاسێکی زۆرەوە خەمین ٢٥-٩-٢٠٠٤